سەرۆک وەزیران: پشتیوانی خەمان بە دەزگاکانی پۆلیس و ناوخۆ دووپات دەکەینەوە، کە سەقامگیری و ئارامی ناوخۆیی دەپارێزن



ئەمە سەشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پیرۆزبایی 102 ساڵی دامەزراندنی پۆلیسی عێراقی کرد، هاوکات پاپشتی و پشتیوانیی بە دەزگاکانی پۆلیس و ناوخۆ دووپاتیکردەوە کە سەقامگیری و ئارامی ناوخۆیی دەپارێزن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە پۆستکدا لەسەر پلاتفۆرمی (X) ڕایگەیاند: لە یادی 102 ساڵی دامەزراندنی پۆلیسی عێراق، جوانترین وتەی سوپاسگوزاری و پێزانینمان ئاراستەی ئەدای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، و دەستی یاسا و دادپەروەری.

هەروەها وتی" پشتیوانی خەمان بە دەزگاکانی پۆلیس و ناوخۆ دووپات دەکەینەوە بەو پێیەی کەسەقامگیری و ئارامی ناوخۆیی دەپارێزن. هەروەها قوربانیدانی شەهیدانی شەرەف و کەرامەت، پاڵەوانەکانی پۆلیس بەبیردەهێنینەوە کەلەئەنجامی قوربانیدانیان ئاسایش و سەقامگیری وهەنگاونان بەرەو پێژەکان بە بنیاتنانی نیشتمانێ خۆشویستکەمان بەرپا بووە."